# قەیرانی ڕامیاری و ئابووری لێکەوتەکانی لە سەر هونەری شێوەکاری لە هەرێمی
# کوردستان لە ڕوانگەی هونەرمەندانەوە

د . دارا ئەورەحمان ئەحمەد [1]

زانکۆبەشی پەروەردەی هونەر ، کۆلێجی پەروەردەی بنەرەت ، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق [1st]
dara.aurahman@univsul.edu.iq

## پوختەی توێژینەوەکە:

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە زانینی قەیرانی ئابووری و ڕامیاری لە سەر هونەری شێوەکاری لە هەرێمی کوردستاندا لە ڕوانگەی هونەرمەندانەوە. ئەم توێژینەوەیە میتۆدی وەسفی بۆ ئەنجامدانی بەکارهێناوە، بەهۆی گونجاندنی لە گەڵ جۆر و بابەت و ئامانجەکانیەوە، سامپڵی توێژینەوەکە بریتیبووە لە (١٢٠) لە هونەرمەندانی شێوەکار لە شاری سلێمانی لە هەرێمی کوردستاندا. لەم بوارەدا توێژەر پێوەرێکی بەپێی هەنگاوە زانستییەکان پێکهێناوە، کە پێکهاتووە لە (٦) تەوەر و (١٦) بڕگە، دوای بەدەستهێنانی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی و جێگیری لەڕێگەی دوو جار دابەشکردنی فۆرمەکان لە دوو کاتی جیاوازدا و دابەشکردنی نیوەی بڕگەکان، پاشان بە بەکارهێنانی هاوکێشەی پێرسۆن بۆ هاوکۆلکەی پەیوەستبوون، کە بەهاکەی لەنێوان (٠.٢٥ - ٠.٥٠) دابوو دۆزرایەوە، دوای جێبەجێکردنی پێوەرەکە بە سەر سامپڵی توێژینەوەکە لەڕێگەی ڕێکاری ئاماریەوە ئەنجامی توێژینەوەکە بەدەستهاتووە، کە ناوەندی شیاوی سەرجەم بڕگەکان بریتیبوو لە: (١.٦٨) ئەم ئاستە (نزمە) بەپێی ئەم ئەنجامە ئەو ڕاستییە دەردەخەن، کە هونەرمەندان قەیرانێکی سەختی دارایی و ڕامیارییان هەیە، پاشان توێژەر بە کۆمەڵێک پێشنیاز و ڕاسپاردە کۆتایی بە توێژینەوەکەی هێناوە.

**کلیلە وشە:** قەیران، ڕامیاری، ئابووری، لێکەوتەکان، هونەری شێوەکاری، هەرێمی کوردستان، هونەرمەندان.

## بەشی یەکەم : چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

### ١ . ١ کێشەی توێژینەوەکە :

سەرهەڵدانی قەیرانەکان ڕۆڵی نەرێنی بەرچاویان بینیوە لە مێژووی هونەری کوردیدا ، بوونەتە هۆی دروستبوونی لاوازی داهێنان و بەشدارینەکردنی هونەرمەندان لە چالاکیە هونەریەکاندا ، ناسەقامگیری ئابووری و سیاسی بۆتە هۆی لە قاڵبدانی کایەکانی هونەر لە ئێستادا ، قەیرانی سیاسی هۆکاربووە ، کە بەشێک لە هونەرمەندانی کورد خۆیان بەدوور بگرن لە ئەنجامدانی چالاکیە هونەریەکان لە ناوچەیەکی دیاریکراو لە شارەکانی هەرێمدا ، هەروەها بەشێک لە هونەرمەندانی شێوەکار هەستیان بە بێهیوای کردوە لە بەرانبەر بە دۆسیە هەستیارو هەنوکەیەکاندا ، ئەمەش پاڵنەرێکی بەهێزبووە ، کە سنووری دەبڕینە هونەریەکانیان کەمتر ئاوێتەی کێشەکانی هاوڵاتیان بکەن.

لێکەوتەکانی قەیرانی ڕامیاری و دارای هۆکارێکی بنەڕەتی بووە لە ئێستادا ، کە بەشێوەیەکی گشتی هونەرمەندان بەشداری ئەو چالاکیە شێوەکاریانە نەکەن ، کە نەبۆتە هۆی بەدەستهێنانی داهاتێکی مادی یان پاڵپشتێکی ئابووری بۆ هونەرمەندان ، هەروەها ڕۆڵی ئەو وەرچەرخانە نەگرنە ئەستۆ ،کە پێشتر هاوپێشەکانیان لە سەر ئەو دۆخانە گرتویانەتەبەر ، ئەم شێوازە لە بیرکردنەوە لە هونەری شێوەکاری ڕەنگە هۆکاربوبێت ، کە ڕای یەکگرتوویی لە سەر بنەمای داهێنانی هونەری لەدەستدابێت ، هەروەها هاوکاربووە بۆ خستنەڕووی کاری هونەری شێوەکاری تا ڕادەیەکی ئاست مامناوەند و نزم لە چالاکیە هونەریەکاندا ، پاشان بۆتە هۆی سەرهەڵدانی پەرشوبڵاوی لە ئەنجامدانی پێشەنگە شێوەکاریەکاندا ، بەتایبەتی لە کاتی قەیرانی داراییدا دەستگیرۆیی هونەرمەندان بە مەرجی دیاریکراو لە چالاکیە هونەریدا دەبێت پاڵنەر بۆ خولقاندنی دۆخێکی چەقبەستووی هونەری ، یارمەتی دەردەبیت ، کە کۆمەڵەو ڕێکخراوە هونەریەکانی لە کوردستاندا زیاتر بەرەوپوکانەوە بچێت ، ئەو بارودۆخانە پاڵنەر دەبێت ، کە چالاکیە هونەریەکان لە سەر ئاستی سنوردار و پەیوەندی دۆستانە ئەنجامبدرێت ، لەم ڕوانگەیەوە بۆ زانینی ئەو گرفت و دەرهاویشتانەی قەیرانی ڕامیاریی و ئابووری لێکەوتەکانی لە سەر هونەری شێوەکاری لە هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی هونەرمەندانەوە چۆن دەبێت ؟

### ١ . ٢ گرنگی توێژینەوەکە :

ئەم توێژینەوە سوودی دەبێت بۆ ئەم لایەنانەی خوارەوە :

١ . ٢ . ١ بۆ هونەرمەندانی کورد لە بواری هونەری شێوەکاریدا ، لە ڕێگەی بەدەستهێنانی ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە تا ببێتە بنەمایەک بۆ هەڵسەنگاندنی و دیاریکردنی لاوازی توانای داهێنانی هونەرمەندان لە سەر بنەمایەکی ڕەخنەیی .

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12320]
- **Submission Date:** [16/02/2026], **Revised Date:** [19/02/2026], **Accepted Date:** [16/04/2026], **Published Date:** [30/06/2026]

١ . ٢ . ٢ بۆ بەرپرسانی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، لە ڕێگەی ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە تا بێتە پێوەرێك بۆ هەڵسەنگاندنی گرفتە هونەریەکانی شێوەکاری لە کاتی ئەنجامدانی ڤیستیڤاڵ و پێشەنگە شێوەکاریەکان ، هەروەها هۆکارێک بێت بۆ دیاریکردنی ئاستی قۆرغکاریی هونەری و فەرامۆشکردنی بەشێک لە هونەرمەندانی شێوەکاری کورد .

١ . ٢ . ٣ بۆ سەندیکا و ڕێکخراوە هونەریەکان لە هەرێمی کوردستان ، ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ببێتە پاڵنەرێک بۆ ئاوڕدانەوە لە هونەرمەندی لاو و گەنجی پێگەیشتوو ، کە لە هەوڵی دۆزینەوەی خۆناساندنی کەسێتی هونەرییاندان .

١ . ٢ . ٤ بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی وەك سەرچاوەیەکی زانستی و ڕەسەن و نوێ ، هەروەها بۆ توێژەرانی خوێندنی باڵا لە بوارە جیاوازەکانی شێوەکاری ،کە توێژینەوەی هاوشێوە ئەنجامبدەن .

**١ . ٣ ئامانجی توێژینەوەکە :**

١ . ٣ . ١ زانینی قەیرانی ڕامیاری و ئابووری لە سەر هونەری شێوەکاری لە هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی هونەرمەندانەوە.

**١ . ٤ سنووری توێژینەوەکە :**

١ . ٤ . ١ سنوری بابەتی : قەیرانی ڕامیاری و ئابووری لێکەوتەکانی لە سەر هونەری شێوەکاری لە هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی هونەرمەندانەوە.

١ . ٤ . ٢سنوری کات : ٢٠١٣- ٢٠٢٤

١. ٤ . ٣ سنوری مرۆی : بەشێک لە هونەرمەندانی شێوەکار لە شاری سلێمانی لە هەرێمی کوردستانی عێراق .

١. ٤ . ٤ سنوری جوگرافی : شاری سلێمانی لە هەرێمی کوردستانی عێراق .

**١ . ٥ دیاریکردنی زاراوەکان :**

**١ . ٥ . ١ قەیران (أزمة ) ( Crises) :**

لە ڕووی زمانەوانیەوە : لە فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبیدا قەیران (أزمة ) بە مانای سەختی و قاتوقڕی و برسێتی( الشدة و القحط ) دێت . ( مجمع اللغة العربية ،٢٠٠٤: ١٦)

بەڵام لە فەرهەنگی ئۆکسفۆردی ئینگلیزی( قەیران ) ( Crisis) بە چەند مانایەک هاتووە وەک ( خاڵی وەرچەخان ، قەیران ، قۆناغێکی مەترسیدار و خاڵێکی سەخت وئاڵۆز ) هاتووە . (Oxford Dictionary ,1984:16)

**١ . ٥ . ٢ قەیرانی ڕامیاری ( الأزمة السياسية) ( Political crises):**

قەیرانی ڕامیاری ئاماژەیە بۆ دۆخێک کە کارکردنی ئاسایی حکومەت یان سیستەمێکی سیاسی بە توندی تێکدەچێت، زۆرجار بەهۆی ناکۆکی نێوان سەرکردە سیاسییەکان، حزبەکان، یان دامەزراوەکانەوە ڕوودەدات .

**١ . ٥ . ٣ قەیرانی ئابووری ( الأزمة الاقتيصادية) (Political crises):**

چەمکی قەیرانی ئابووری پێناسەیەکی دیاریکراوی نییە ڕەنگە پەیوەندی بەوەوە هەبێت ،کە چەندین لایەنی جۆراوجۆری وەک ژیانی تاک ، لایەنی کۆمەڵایەتی ، ئابووری ، سیاسی ، ناوچەی ، جیهانی دەگرێتەوە کاریگەری لە سەر لایەنی دەروونی تەندروستی ، ئاستی کارکردن دروستدەکات . ( الرازي، ٢٠١٠: ١-٢ )

هەروەها لای ( کورتیل ،٢٠١٠ ) دەڵێت :
هاتنە خوارەوەیەکی لە ناکاوی بازارە یان دراوە ، یاخود بازاڕی خانوبەرەو و بۆرسەی داریەکانە ، کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی. ( کورتیل ،٢٠١٠:١-٢)

## بەشی دووەم :

## ٢ . ١ چوارچێوەی تیۆری :

**٢ . ١ . ١ تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی قەیرانی ڕامیاری:**

قەیرانی ڕامیاری دەتوانێت ببێتە هۆی ناسەقامگیری و هەندێکجار دەگاتە ئاستی توندوتیژی، بۆ ئەو مەبەستە بەشێک لە توێژەران چەند تایبەتمەندییەکی جۆراوجۆریان لە قەیرانی ڕامیاری دەستنیشانکردوە ، لە گرنگترینیان بریتین لە :

**.تێکچوونی کارکردنی حکومەت :**

بەهۆی قەیرانی ڕامیاریەوە هەندێک جار حکومەت ناتوانێت بڕیار لە سەر کێشەکان بدات یان پلانەکانی بە شێوەیەکی کاریگەر جێبەجێ بکرێت ، یاخود کێشەی قوڵتر ڕوودەدات ئەگەر لایەنەکان بگەنە بنبەست لە پرۆسەی یاسادانانداندا ، یان سەرکردە سەرەکییەکان لە ململانێ بەردەوامدابن. (السعيري ، ١٩٩٢: ٢٣ )

**٢. پرسەکانی سەرکردایەتی :**

بەهۆی قەیرانی سیاسیەوە ئەگەر هەیە سەرکردەیەک لەناکاو لە پۆستەکەی دووربخرێتەوە یان لە ڕێگەی ( لێپێچینەوە، دەستلەکارکێشانەوە، ..) بێتە هۆی ئەوەی توشی گرفتی بەڕێوەبردن ببێت یان ڕەنگە ئەگەر ئەو سەرکردەیە دەسەڵاتەکەی لەمەترسیدا بێت لەوکاتەدا کێشە بۆ کۆمەڵگە دروستدەکات ، پاشان لە کۆتایدا لەمپەڕی گەورە بۆ دەوڵەتداری دروستدەکات.

**٣ .ناڕەزایەتی و نائارامی مەدەنی :**

زۆرجار ناڕەزایەتی، یان خۆپیشاندانی مەدەنی بەشێوەیەکی بەرفراوان کە لە لایەن کۆمەڵگەوە ئەنجامدەدرێت ، ئاماژەن بۆ بوونی قەیرانی سیاسی، ڕەنگە ئەو ناڕەزایانە بەهۆی پرسەکانی وەک (گەندەڵی، هەڵبژاردنی نادادپەروەرانە، سیاسەتی ناپەسەندەوە) بێت سەرهەڵبدەن. ( ریاض ، ١٩٨٩: ٢٦ )

**٤ . ململانێی دامەزراوەیی :**

زۆرجار بە هۆی ناکۆکی لە نێوان بەشە جیاوازەکانی حکومەتدا (وەک دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان) یان نێوان حکومەت و دەسەڵاتی دادوەری دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانی ڕامیاری .

**٥ . کێشەی شەرعیەت لە حوکومڕانیدا :**

کاتێک جەماوەر متمانەی بە حکومەت یان سەرکردەکانی نامێنێت ، بڕوایان وادەبێت ، کە بەهۆی گەندەڵی یان بێکارییەوە ئەو سەرکردەیە کۆمەڵگەی توشی دارمان کردۆتەوە ، پاشان ئەمانە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانی شەرعیەت لە دامەزراوەکانی حوکومڕانیدا. (الجابري، ١٩٩٣: ٣٤)

قەیرانە سیاسییەکان دەبێتە هۆی دروستبوونی چەندین ئاریشەی جۆراوجۆر وەک لێپێچینەوە، کودەتا، لەکارخستنی درێژخایەنی حکومەت ئەنجام نەدانی هەڵبژاردنەکان ، یان ئەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردنە ناکۆکی لەسەر دروست بێت ، پاشان بۆ چارەسەری ئەو دەرهاویشتانە پێویستی بە دانوستانی بەردەوام دەبێت، یان دەبێت گۆرانکاری لە یاسایی هەڵبژاردن و

مانەوەی کەسەکەدا بکرێت ، یان هەندێکجار بۆ چارەسەر پێویستی بە نێوەندگیری نێودەوڵەتیش هەیە ، تا لە کۆتایدا دۆخەکە بگەڕێتەوە بۆ پێش ڕوودانی قەیرانەکە . (ابو رجب ، ٢٠١٢: ٥٣)

**٢ . ١ . ٢ هۆکاری سەرهەڵدانی قەیرانی ڕامیاری:**

چەند هۆکارێک هەیە بۆ سەرهەڵدانی قەیرانی ڕامیاری ، لە گرنگترینیان بریتین لە :

**١- هۆکاری ڕامیاری ( الأزمة السياسية )** : بەهۆی دەرکەوتنی جیاوازی لە هێزدا ، هەروەها باڵادەستی لایەنێک بە سەر لایەنێک یان گروپێکدا ئەم قەیرانە ڕودەدات ، هەندێک جار سەردەکێشێت بۆ پێکادانی چەکداری یان دەستتێوەردانی لایەنێکی دەرەکی یان وڵاتێکی تر ، ئەم کێشەیە دەبێتە هۆی پەلاماردان بۆ سەر دامەزراوەکانی دەوڵەت و ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە دەخاتە مەترسیەوە .( Frey, 2003,45)

**٢- هۆکاری ئابووری ( الأزمة الاقتيصادية )** : پاڵنەری ئابووری هۆکارێکی سەرەکیە بۆ سەرهەڵدانی قەیرانەکان لە سەر ئاستی ناوچەیی و وڵاتان ، چەندین فاکتەر هەیە بۆ ڕوودانی قەیرانی ئابووری ، وەک هۆکارەکانی ( کەم و زۆری وزە ، نەبوونی کەمی کەرستەی خاو ، بەرزی نرخ ،...) هەموو ئەوانە کاریگەرن بۆ دروستبوونی گۆڕانکاری بەرەوخراپتر و شێواندنی بژێوی تاکەکان لە کۆمەڵگەدا . ( ابو الريشە ، ١٩٩٠: ٦٧)

**٣- هۆکاری کۆمەڵایەتی** : کێشە کۆمەڵایەتیەکان بە شێوەیەکی گشتی کاریگەری لە سەر ئەندامانی کۆمەڵگە دروست دەکات ، پاشان دەبێتە هۆی نائارامی و جیاوازی لە بیروڕا و سەرهەڵدانی جیاوازی چینایەتی ، لە کۆتایدا دەبێتە هۆی دروستبوونی جەنگی کۆمەڵایەتی ، پاشان لە داهاتوودا ڕۆڵی دەبێت لە دروستبوونی کێشەی نوێدا ، تا لە کۆتایدا بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتەکانە پەنا بۆ توندوتیژی و هێزی چەکداری دەبرێت. (الحمودي ،٢٠٢٣: ١٠٩)

**٢ . ١ . ٢ کورتەیەکی مێژووی دەربارەی قەیرانی ئابووری:**

لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە بەهۆی پاشەکشەی ئابووری سەرهەڵدانی قەیرانی داراییەوە دەستی پێکرد ، پاشان زۆربەی وڵاتانی ئەورووپای گرتەوە ، پاشان کاریگەریەکانی لە سەر داڕمانی وۆڵ ستریت دروستکرد ، کە لە ساڵی( ١٩٢٩ ) لە وڵاتی ئەمریکا ڕویدا ، بەڵام گەورەترین داڕمانی بازاڕی بۆرسە و ئابووری و قەیرانی نەوتی لە جیهاندا لە ساڵی ( ١٩٧٣ ) دا ڕوێدا ، کە بوە هۆی سەرهەڵدانی شێوازێکی نوێی لە قەیرانی ئابووریدا جیهانی تووشی گێژاوێکی ئابووری کردەوە ، قەیرانێکی تر بریتیبوو لە داڕمانی بازاڕی بۆرسە ، کە لە ساڵی(١٩٨٧) دا ڕویداوە ، کۆتا قەیرانی دارایی کە جیهانیدا ڕویداوە لە ساڵی ( ٢٠٠٨ )سەریهەڵداوە ،کە بەهۆتە هۆی داڕمانی بازاڕی خانووبەرە .( Maria ,2023: 10)

بەڵام قەیرانی دارای لە هەرێمی کوردستاندا لە ساڵی ( ٢٠١٤ ) ڕویداوە ، کە تیایدا هەرێم توشی قەیرانی ئابووری بۆتەوە ، هاوڵاتیان بەگشتی و فەرمانبەران بەتایبەتی لە بارودۆخێکی سەختی دارایدا دەژین و بارودۆخێکی نەخوازراوی دروستکردوە لە سەرجەم بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەمەش بەهۆی بڕینی (١٧%) بوجەی حوکومەتی هەرێمەوە ، کە لەلایەن حوکومەتی فیدراڵەوە بڕاوە ، هەروەها بەهۆی شەڕی داعش و بارگرانی دارای دابەزینی نرخی نەوتەوە ڕویداوە ( ڕاپۆرتی ناوەندی قەیرانەکانی وەزارەتی ناوخۆی هەرێم ،٢٠١٦ :١)

لە بەرانبەردا قەیرانی دارایی لە شاری سلێمانیدا بە هۆی نەبوونی بوجە لە هەرێمی کوردستان خەرجیەگشتیەکان تووشی کورتهێنانی بوجە بۆتەوە بۆ نموونە لە نێوان ساڵانی (٢٠١٠، ٢٠١١، ٢٠١٢ ) کورتهێنانەکان لە ( ٢٨١٣،٠٣ ) ( ٥٤٩٠،٠٦ ) ( ٨٠٩٩،٦١ ) ملیۆن دۆلاربووە ، ئەمەش بۆتە هۆی کەمبوونەوەی خەرجیە حکومیەکان لە پارێزگای سلێمانی ، بەڵام ڕووداوەکانی ( ١٦ ) ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧ و کەمبوونەوەی داهاتە ناوخۆییەکانی هەرێم بەڕێژەی زیاتر لە (٥٠%) وایکرد خەرجیە حکومیەکان ئێجگار دابەزن بەتایبەتی ، دۆخی ئابووری لە پارێزگای سلێمانیدا لە کۆتاییەکانی ساڵی (٢٠١٧ ) ەوە تووشی قەیرانێکی ئێجگار قوڵ بووەوە . (سعيد ،٢٠١٩: ١٢٢)

**٢ . ١ . ٣ لێکەوتەکانی قەیرانی ڕامیاری و ئابووری لە سەر هونەری شێوەکاریی :**

کاتێک شەڕوڤەی قەیرانی ڕامیاری و ئابووری دەکرێت ، چەند کاریگەریەک لە سەر هونەر بەگشتی هونەری شێوەکاری دروستدەکات ، بۆ ئەو مەبەستە بەشێک لە توێژەران و نوسەران چەند خاڵێکیان دەستنیشان کردوە ، کە دەبێتە لەمپەڕ لە بەردەم گەشەکردنی هونەری شێوەکاری لە گرنگترینیان بریتین لە :

**٢ . ١ . ٣ . ١ سنووردانان بۆ بەرهەم هێنانی کاری هونەری :**

بە بڕوای بەشێک لە بیرمەندان و ڕەخنەگران چوارچێوەدانان بۆ شێوازی دروستکردن لە کارێکی هونەریدا بە مەرجێکی ترسناک دادەنرێت بۆ پرۆسەی داهێنان ، بۆ نمونە لە ساڵی( ١٩٦٣) مێژوونووسی هونەر و ڕەخنەگر( ئێدگار ویند گریانی) (Edgar Wind Groaned ) لە نووسینێکدا جەختی کردۆتەوە لە سەر تێگەیشتنی هونەر لەلایەن هونەرمەندەوە ، کە فەرامۆشی پرۆسەی داهێنان نەکاتەوە ، تەنها گرنگی بە ئەرکێکی نمایشکردنی کارەکەی نەدات ، بەڵکو وەک ئامانجێک مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، لە ڕێگەی شیکاری عەقڵانی یان گۆڕانی ستراتیژییەوە بەرهەمیان بهێنێت ، هەروەها پێویستە هونەرمەندان خۆیان بەو چالاکییانەوە سەرقاڵ بکەن ، کە لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیدا مامەڵەدەکات ، پەیوەندی بە بەرهەمهێنان و پێشکەوتنی کۆمەڵگەوە هەیە، خزمەت بە لایەنێکی دیاریکراوی دەسەڵات نەکات . (Janie ,2024 :23 )

ئەفسانەی تێگەیشتنی هونەر پەیوەستە بە بناغەی کارکردن نەک بە لە قاڵبدانی هزو بیرۆکەی هونەرمەندەوە ، پێویستە هونەرمەند توانای بەرەنگاربوونەوەی فشاری چالاکییە ڕوکەشیەکانی هەبێت ، سەرەڕای گۆڕینی بەرهەمەکانی چالاکییەکانی تەنها گرنگی بە داهێنانی هونەری بدات سەرنجی بینەران بۆ مانایەکی نوێ بدات کە کۆمەڵگە فەرامۆشی کردوە

بەبڕوای بەشێک لە ڕەخنەگرانی هونەر ، کەمکردنەوە و تێگەیشتنی هونەری بۆ ئاستی هەستکردن بە شێوە ، بیرۆکەی کارەهونەریەکە پیس دەکات بەم شێوەیش ئەو هونەرەی


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12320]
- **Submission Date:** [16/02/2026], **Revised Date:** [19/02/2026], **Accepted Date:** [16/04/2026], **Published Date:** [30/06/2026]

هونەرمەند پێشـــکەشـــی دەکات هزرو خەیاڵی تێرامانی تیادا خنکێنراوە.(ZHANG Zhe ,2023:623 )

بەبڕوای ڕەخنەگرانی وەک هـاینریچ وۆڵفلین ( Heinrich Wolfling ) (1945– 1864 ) ئالۆیس ڕیگڵ( Alois Riegl) (1905– 1858 ) ڕۆجەر فـرای (Roger Fry )( –1866 1936) کلایڤ بێـڵ (Clive Bell )(1850–1942) بەهۆی لەدەســـتدانی پەیوەندی شـــێوە لەگەڵ هێزی خەیاڵدا ، هەروەها خستنەڕووی هونەر لە فۆرمێکی دووبارەی پێشینە ئامادەکراو بە ناوی شێوازی هونەرمەندەوە ، پڕۆژەهونەری و پێشەنگەکانی توشی قەیرانی کەمی بینەر دەکاتەوە ، هەروەها بینەران ئارەزو چێژکردنیـان بۆ بەرهەمە هونەریەکـان کەمـدەبێتەوە، چونکە بەبڕوای ئەوان ئەگەر لە کـارێکی هونەریـدا گرنـگی بە ڕێکخستن و دارشتن لە کارەکەدا نەدرێت ئەوا کارەهونەریەکان لاوازدەبێت لە ڕووی داهێنـان و ڕەســـەنـایەتیەوە . ( Jiri Benovsky,2022:19)

لە کاتێکدا هونەری بەرهەم هێنراو لە کاتی قەیرانەکاندا زۆرجار وێنەیەکی ڕاستەقینەی بارودۆخی سەردەمی خۆی دەخاتەڕوو ، بەڵام بە پێچەوانەوە هونەری شـێوەکاری لەکوردسـتاندا لە دوای ئەوە قەیرانی دارایەوە هەست بەو بارودۆخە ناکرێت لە بەرهەمە هونەریەکاندا.

**٢ . ١ . ٣ . ٢ نائارامی دەرونیی هونەرمەندان:**

لە جیهـانـی مۆدێرنـدا ، بە هۆی نـاکۆی بەرژەوەنـدییە تێکەڵاوەکانەوە زۆربەی کات توشی دڵەڕاوکێ نائومێدی دەبین ، هەووەهـا زۆرینـەمـانـی بەخەمەکـانـیەوە ســـەرقـاڵـکردوە ، هونەرمەندانیش بەدەرنین لەو نائارامیە دەروونییە ، ژیانکردنی کۆمەڵایەتی لەگەڵ دەوروبەریان زۆر قورسـترە، لەوەی کە لە ڕابـردوودا هــونەرمەنــدان ڕووبەڕووی بــوونەتەوە. ( Benjamin, E. ,2006:34)

ســـەبـارەت بە زانیی پەیوەنـدی لە نێوان هونەر و تێکچوونی دەروونی هونەرمەندا ، لەم سـاڵانەی دواییدا چەند توێژینەوەیەک ئەنجامدراوە ، بۆنموونە توێژینەوەکانی وەک (جەیمیســـۆن، ١٩٩٣) Jamison (ڕونکۆ و ڕیچاردز ، ١٩٩٧) ( Runco & Richards )( ئەندریاســـن، ٢٠٠٥)Andreasen ئەو ڕاستیە دەخەڕوووو ، کە هونەرمەندان لەچ کێشەیەکی سایکۆیدا گوزەران دەکەن .( Benjamin, 2018:7)

چونکە بەبڕوای ( ئاین ڕەند، ١٩٠٥-١٩٨٢) (Ayn Rand ) هەســـتی هونەرمەند لە کاری هونەریدا وەکو وەچەخســـتنەوەی مـرۆڤ وایە لەژیـانـدا ، هەر لەبەر ئەو هۆکـارەیە هەموو نائارامیەک یان گوزەرانێکی خراپ کاریگەرێکی خراپ لە سەر دەروونی هونەرمەند دروستدەکات .

ئەگەر هونەر لە ئێسـتادا بیەوێت ببێت بە بەشـێک لە کایەکانی ژیانمان ، ئەوە مانای ئەوەیە ، کە گوزەرانی ژیانیان پێویســـتە بگۆرێت لەوەی کە ئێستا هەیە تیایدا دەژین ، بەڵام ئەو پرۆسەیە تەنها پشـت بە هونەرمەندان نابەسـتێت ، بەڵکو دەبێت ســـەرجەم لایەنەکانی کۆمەڵگە بەشداربن لە دروستبوونیدا. ( Ayn Rand,1964:45)

بۆ نموونە کاتێک باسی هونەری کوردی دەکەین لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردوودا ، چالاکیە هونەری و ئەدەبیەکان لە ئاستێکی بەرزدا بوون ، هونەرمەندانی کورد ڕۆڵی بەرچاویان لە بوارە جیاوازەکـانی ژیـان بینوە هەروەهـا هۆکـاربوون بۆ خستنەڕووی کێشەهەنووکەیەکان . ( وەهبی ڕەسوڵ ، ٢٠٢٥)

لە کاتی ئەنجامدانی چالاکیە هونەریەکاندا بینەران بە شـێوەیەکی بەرفراوان ســـەردانی هوڵ و پێشـــەنگەکانیان کردوە ، ئەمەش گوڕو تینێکی زۆری بە هونەرمەندان و نوسەران بەخشیبووە تا بەرداوامبن لە ســـەر کاری نوێ و داهێنەرانەیان ســـەرەڕای لەمپەری سـیاسـی و ئابوری کە هونەرمەندا و نوســـەران لەو سەردەمەدا ڕووبەڕویان بونەتەوە.

لە سـاڵانی حەفتا و هەشـتانی سـەدەی ڕابردوودا ، بینەرانی کۆمەڵگەی کوردی هونەریبیان بەرزنرخاندەوە ، چونکە بەهای هونەریان لە خۆیاندا دۆزیوەتەوە ، پێیان وابوو کە زمان حاڵی ئەوانە لە خستنەڕووی کیشەکانیاندا ، بەڵام لە ئێستادا ڕۆلی بینەر فەرامۆشـــکراوە وەک پێویســـت گوێیان پێنادرێت ، ئەمەش کارگەری نیگەتیڤی لە ســـەر ئاســـتی هونەری شـــێوەکاری لەم ناوچەیە دروســـتکردوە ، چونکە پێشـــکەشـــکردنی هونەرێکی ڕەســـەن پێویســـتی بە ڕۆڵی بینەر هەیە ، بەتـایبەتی لەکاتی ئەزموونکردن و چێژوەرگرتندا . ( عەلی کریم ، ٢٠٢٥)

**٢ . ١ . ٣ . ٣ دەستگیرۆی نەکردنی هونەرمەندان لە چالاکیە هونەریەکاندا :**

کێشـە هەنووکەیەکانی هونەرمەندان جۆراو جۆرن ، بەڵام لە کاریگەرترینیان دەســـت گیرۆی نەکردنیەتی لە کاتی کارکردنی هونەریدا ، لە بەرانبەردا گرنگیدان بە لایەنی دارای لە لایەن حوکومەت و دامەزراوە نـافەرمیەکـان بە ئەرکێکی مەزن دادەنرێت ، چونکە بەبێ ئەو هەنگاوە ناکرێت بریار لە ســـەر ئاســـتی داهێنـان لە کارە هونەریەکان بدرێت ، هەروەها ئەو نەریتە ببێتە بنەمـایەک تـا بە شـــێوەیەکی گونجـاو گرنگی بە ســـەرجەم کارەهونەریەکانی کۆن و ئێسـتا بدرێت لە پاراسـتن و دکۆمێنتکردندا ، بە پێچەوانەوە ئەو شێوازەی،کە ئێستا بە شێک لە بەرپرســـان و دەزگا هونەریەکان لە پڕۆژە هونەریەکاندا گرنگی بە چەند هونەرمەندێک دەدرێت کەسانی تریش فەرامۆش دەکرێت بە نێگەتیڤی شکاوەتەوە بەسەر هونەری شێوەکاریدا . (BRUNO S. FREY, 1999 :23)

نـاگونجێـت بەرهەمهێنـانی پڕۆژەی هونەری و بەشـــداری پێشـەنگەکان لە سەر بنەمای ڕوکەش بێت بریار لە سەر بەهای کارەهونەریەکانی بەوشێوەیە بدرێت ، هەندێک جار بەرپرسانی حوکومی دەست بە چەند هونەرمەندێکەوە دەگرن ئەمەش دەبێتە هۆی دروســـتبوونی لەمپەر بۆ نـاســـاندنی بەشـێکی تری هونەرمەندان ، هەروەها بینەران لەو باوەڕەدا دەبن تەنها ئەو کەسـانە کە ناسراون کاری هونەری دەکان ، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ، کە پڕۆژەهونەریەکان ناتوانێت مامەڵەکی دروســـت لەگەڵ گۆڕانکـاریـیەکـانـی وەک (دەرونـزانـی، مێژوویـی، کۆمەڵایەتی) بکـات ، ئەو نـاڕوونیە لە کـارکردنـدا دەبێتە نایەکســـانی لە دەرکەوتنی ئەزمونی هونەری هونەرمەندان . (Sara Wyatt ,2019 :7)

بەهۆی گرنگی زانینی کاریگەری پێشـکەشـکردنی پشـتیوانی کەرتی گشـتی لە بواری هونەری شـێوەکـاریـدا توێژەران ( هـایـلـبـرون و گـرای ) Heilbrun and Gray (1993) توێژینەوەیەکیـان ئەنجـامـدابوو بەپێی لێکۆڵینەوەکەیـان، ڕۆڵی

بینەر گرنگە لە هاندانی و کێبرکێ هونەرمەنداندا ، پێویستە سەرجەم لایەنەکان هێڵێکی یەکسان فەراهەم بکەن لە دەستگیرۆیکردنی هونەرمەندا ، هەروەها پێشەکەشکردنی لایەنی دارایی بە هونەرمەندان دەبێتە هۆی ئەوەی ، کە داهێنانی زیاتر ئەنجامبدەن ، چونکە کارێکی قورسە ، کە تەنها پشت بە توانا داراییەکانی خۆیان ببەستن (Kim Young Sik, ,2018:41)

دەستگیرۆی نەکردنی هونەرمەندان بەشێوەیەکی گشتی لە هەرێمی کوردستاندا کاریگەریەکی نەرێنی هەبووە ، بۆ نموونە چالاکیە هونەریەکان لە شاری سلێمانی لە نێوان ساڵانی (٢٠١٣-٢٠٢٤ ) بە سەرجەم چالاکیەکان ،کە بە هاوکاری حکومەت وکەرتی تایبەتدا بریتیبووە لە (١٧٨ ) چالاکی ، وەک لە خشتەی (٢-١ )دا دەردەکەوێت .

خشتەی (٢-١ )

ژمارەی چالاکیە شێوەکارییەکانی بەڕێوەبەرێتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەر لە سلێمانی / بەشی شێوەکاری

| ژ | ساڵانی ئەنجامدانی چالاکی | ژمارەی چالاکی |
|---|---|---|
| ١ | ٢٠١٣ | ١١ |
| ٢ | ٢٠١٤ | ٦ |
| ٣ | ٢٠١٥ | ١٠ |
| ٤ | ٢٠١٦ | ٢١ |
| ٥ | ٢٠١٧ | ١٨ |
| ٦ | ٢٠١٨ | ١٦ |
| ٧ | ٢٠١٩ | ٣٠ |
| ٨ | ٢٠٢٠ | ١١ |
| ٩ | ٢٠٢١ | ٣ |
| ١٠ | ٢٠٢٢ | ١٠ |
| ١١ | ٢٠٢٣ | ١٨ |
| ١٢ | ٢٠٢٤ | ١٨ |
| | کۆی گشتی | ١٧٨ |

( ئاماری لقی شێوەکاری لە بەڕێوەبەرێتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەر / سلێمانی)

لە بەرانبەردا کۆمەڵەی هونەرجوانەکانی سلێمانی هیچ چالاکیەکی ئەنجام نەداوە ، هەروەها یەکێتی هونەرمەندانی سلێمانی / بەشی شێوەکاری ، بەهۆی قەیرانی دارایی و گۆڕینی ستافی ئەو بەشە نەزانراوە کە بە دروستی ژمارەی چالاکیەکان چەندە ، بەڵام بە پێی بۆچوونی هونەرمەندانی ئەو بەشە بەهۆی نەبوونی بووجەو فەرامۆشکردنی حکومەت لەو بوارەدا ژمارەکە زۆر کەمە ، هەرچەندە حکومەت بووجەیەکی بۆ ناساندنی پایتەختی شاری ڕۆشنبیری و هونەر تەرخانکردبوو ، بەڵام بەهۆی خراپ بەکارهێنان و گەندەڵی لە خەرجکردندا تائێستا ژێرخانی کلتوری و هونەری لە ئاستێکی باشدا نییە. ( عەلی جوڵا ، ٢٠٢٥)

### ٢ . ١ . ٣ . ٤ کاریگەری باڵادەستی دەسەڵات و ڕۆڵی لە سەر هونەرمەند:

لە کۆنەوە دەسەڵات هەوڵیداوە لە ڕێگەی هونەرەوە کاریگەری لە سەر کۆمەڵگە دروستبکات ، بەڵام لە بەرانبەردا هونەرمەند هەوڵیداوە نەبێتە هۆی لە قاڵبدانی هزر و بیرۆکەی کارە هونەریەکەی ، بۆ ئەو مەبەستە لە مادەی ٢٧ی جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ دا لە ساڵی (١٩٤٨) دا جەختیکردۆتەوە کە : **"هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە بە ئازادی بەشداری لە ژیانی کولتووری کۆمەڵگەدا بکات ، هەروەها بۆ چێژوەرگرتن لە هونەردا بەشداری بکات"** . https://www.humanrights.com › lesson › articles-26-30

بەڵام پەیرەوکردنی ژیانی ڕۆژانەی تاک لە ئێستادا بۆتە ڕۆتینێک کە لە شاردا دووبارە دەبێتەوە ، هونەرمەندانی بەدەرنین لەو مامەڵەکردنەی ژیانکردنەدا ، هەرچەندە پێویستە هونەرمەندان سەرقاڵی ئەنجامدانی کارە هونەریەکانیانبن بەڵام ئەو تێڕوانینە تەواو پێچەوانەبۆتەوە بۆ بەشێکی زۆری هونەرمەندان ، چونکە بەشێکی زۆریان لە پەلوپۆ خراون بەهۆی کێشە زۆرەکانی ژیانکردنەوە هەروەها لەمپەڕەکانی کارکردنی هونەری ناتوانن وەک کەسێتیەک کە توانای داهێنانیان هەبێت لە پرۆژە هونەریەکاندا دەردەکەون ، هەروەها بەهۆی ئەوەی بەشێکی تری هونەرمەندان توانای بەرەنگاربوونەوەی ئایدۆلۆژیای باڵادەستی دەسەڵاتیان نیە . (Smaragda 13 ,2023)

بە پێی ڕوانگەیەی بەشێک بیرمەندان و هونەرمەندان ، لەئێستادا شارەکان بوونەتە مۆڵگە و ئۆردوگایەک ، کە خاوەنداری بەرهەمهێنانی ستراتیجی کولتوورێک دەکات ، کە تاکی لە قاڵبداوە ، هەروەها پێناسەی کەسێتی خۆی سڕیتەوە پەیوەندیی بە بەها جوانکاریەکانەوە نەماوە ،چونکە ئەو دەسەڵاتەی کە هونەرمەند ئاراستەی دەکات، مانا و بەهای چەقبەستوو لە دیدی هونەرمەندان و بینەراندا بەرهەمدەهێنێت، بۆیە دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە "هونەر چالاکیەکی سیاسییە، نەک تەنها ئامرازێکی ئەبستراکت بۆ دەربڕین لە بەسیاسیکردنی هونەر، کە ئاماژەیە بۆ تێڕوانینێکی سنووردار بۆ هونەر وەک ئامرازێک کە سیاسەت دەیگونجێنێت و بەکاری دەهێنێت بەبێ ئەوەی هونەر هیچ ئیرادەیەکی هەبێت. (الغانم ،٢٠١٩: ٥٩٣ )

بەشێک لە دامەزراوە هونەری و کلتورییەکان ، کە پەیوەندیان بە شارەکانەوە هەیە بونەتە دینامۆی لە قاڵبدانی ڕوانینی تاک لە بیرکردنەوەدا ، تاکی ئەو مۆڵگە دەستەمۆیانە خۆیان لە پراکتیزەکردنی ژیانی ڕۆژانە چڕکردۆتەوە کە لەلایەن هاوولاتیانی ئاساییەوە داهێنراو و پەرەی پێدراوە و جێبەجێدەکرێت خۆی بەدوردەگرێت لە تێڕوانینی تێگەیشتن لە جەوهەری بابەتەکان کە لە هونەردا دەیەوێت گوزارشتی لێبکات (Joseph,2022:67) .

ئاراستەکردنی هونەرێکی ئاست نزم لە کۆمەڵگە کوردیدا کاریگەری لەسەر کایەکانی ژیانی تاک هەیە ، چونکە ئەرکی

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**://sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12320]
- **Submission Date:** [16/02/2026], **Revised Date:** [19/02/2026], **Accepted Date:** [16/04/2026], **Published Date:** [30/06/2026]

هونەرمەند بریتییە لە داهێنان گۆڕانکاری لە بەها کۆمەڵایەتیە چەقبەستووەکاندا ، کە شار خاوەندارێتی دەکات ، لە ڕێگەی جوڵەی داهێنەرەکانیانەوە و دەستێوەردان لە بنەما جوانکارییەکانەوە وا لە تاکەکانی دەکات بە ئاراستەیەکی جیاوازەوە دەرکەون ، کە پێشتر ئاشنا نەبوون بە بنەماکانی . (وەهبی ڕەسوڵ ،٢٠٢٥)

لەم ڕوانگەیەوە دەتوانرێت گۆڕانکاری لە سیستەمی ڕۆشنبیری و شارستانی سیاسیدا بکرێت، هەنگاو بەرەو ئەو ئاراستەنە بنێت کە لەلایەن دامەزراوە هونەرییەکان ، کە دەسەڵات بنیاتیناوە ، یان دژی ئەو ئاراستەو دامەزراوەنە کار بکات ، کە بنەمای بیرکردنەوەی شاری داگیرکردوە ، هەروەها پێویستە هونەرمەندی ڕەسەن دژی خراپ بەکارهێنانی هونەر بوەستێتەوە ، کە هەوڵی تێکدانی کولتووری پلان بۆ دارێژراو بۆ دەدرێت ، یاخیگەرانە بە وریاییەوە پلانەکان تێکبشکێنێت . جۆرێک لە دەربڕینی بەرگریکارانە و بەشداریکردنی داهێنەرانە لەناو پێکهاتەی شارستانیی ڕاستەقینەدا هەبێت ، بەشێوەیەکی بالادەستی کاربکات بۆ گەشەی توانا فیکرییەکانی تاک . (عەلی جۆلا،٢٠٢٥ )

ڕۆڵی هونەرمەندانی کورد لە ڕابردودا ، مێژوویەکی پڕشنگداریان تۆمارکردوە لە ئاراستەکردنی تاکی کورد بەرانبەر بە دەسەڵاتی ڕژێمەکانی عێراق ، بەڵام لە ئێستادا تەوژمەکە تەواو پێچەوانەبۆتەوە ، کە چۆن کولتوور و هونەر لە شاردا تێکدەدرێت ، تەنها دەبێتە ئامێرێک بۆ بانگەشەی ئابووری، براندکردن یان وەبەرهێنانی بیناسازی ، زۆرجار ئەم تێروانینە دژی سروشت و ژینگە کاردەکات ژیانی ڕۆژانەی کولتوری شارەکان لە کوردستاندا لەبیردەکات، ئێمە دەبێت دان بەوەدا دەبنێین، کە فشارەکان زۆر زیاترە لە ئێستادا بەراورد لە سەردەمی ڕژێمەکانی کۆن کاتێک لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن دەکەیت لەسەر دارمانی بەهای کولتوور و هونەر لە شارێکی وەک پایەتەختی ڕۆشنبیرو دەبێت لەو هەستەش تێبگەین ، کە تاکی کورد لە بێهیوای بێبەشبوونی لە چێژوەرگرتنی لە ئاوازی سروشت و وەرینی گەڵای دەرختێک ئاساییە گاڵتە بەو هەستەش بکات ، کە بیەوێت تێبگات و بەهایی پێبەخشێت.( عەلی کریم ، ٢٠٢٥)

### ٢ . ١ . ٣ . ٥ بەهای هونەر و پێزانینی جوانکاری :

چەمکی بەها لە هونەریدا مشتومڕەی زۆری لە سەرە، بەبڕوای بەشێک لە توێژەران ناساندنی پەیوەستکراوە بەکۆمەڵێک مەرجی دیاریکراوە، بۆنموونە ئەوکارە هونەریە بەهای هەیە ، کە بە بڕە پارەیەکی زۆر فرۆشراوە ،بەڵام لە بەرانبەردا ڕایەکی ترهەیە ئەوان بروایان وایە ئەو کارەی ، کە خزمەت بە کۆمەڵگە دەکات لە ئاستێکی بەرزی هونەریدایە ، بەڵام لە هەر دوو ڕایەکە بۆچوونیان وایە ئەگەر کارێکی هونەری هیچ ئەرکێکی پێویستی نەبێت پێویست بە دروستبوونی ناکات. Levinson (,2011 :190)

لە سەردەمی ئێستادا هونەر هۆکارە بەوەی ، کە لە ئەزموونی کەسانی تر تێبگەین، هەروەها یارمەتیدەرە ، کە سەرنجی ناخی مرۆڤ بدەین ، کە بە سەرچاوەی لایەنی دەروونی و خەیاڵی هونەرمەندان دادەنرێت ، لە بەرانبەردا دەبێتە هۆی ئەوەی کە سەرقاڵی جیهانی دەرەکی نەبین ، کە مێشک زیاتر ماندوو دەکات ، هەندێک جار کات بەسەربردن لەگەڵ کولتوور و هونەر و ئەدەب دەبێتە هۆی چاندنی خۆناسین و پێزانینی زانینی خود ، بەبێ هیچ بەرژەوەندیەکی دیاریکراو توانای چێژی جوانکاریمان پەرەدەستێنێت ، ئەگەر بمانەوێت لە ناوخۆ و فیکریدا بە زیندووی بمێنینەوە ئەوە دەبێت دۆستی هونەربین . (Matilde ,2025:4)

چونکە پێزانینی جوانکاری گرنگیدانە بە ڕەگەزە جوانکارییەکان کە لە دەوروبەرماندایە ،هەروەها ئاماژەیەکی هەستکردنە بە خود ، هەروەها هاوکاردەبێت بۆ چێژوەرگرین ، لە ئێستادا بوونی ناشیرینییەکی زۆر لە جیهانی ئێمەدا بەروە وشکبوون و بێ هیوایی هەستەکانمان هەنگاو دەنین ، کەمتر توانای چێژ وەرگرتن لە ساتەکان دەبینین ، لە بەرانبەردا هونەر ئەو دەروازەیە کە هەوڵدەدات بە زیندووی بمێنینەوە .

بەبڕوای توێژەر لە کلتوری ئێمەدا هونەری شێوەکاری نەبۆتە نەریتێک بۆ پێزانینی جوانکاری و بەها بەخشین ، ئەمەش ڕەنگی داوەتەوە لە نەبوونی مۆزەخانەی گونجاودا ، لە سەر ئەم سیاسەتەی کۆمەڵگە و حوکومەت هەنگاوی جددی لە هونەرمەند و کارە هونەری و کلتورییەکان نەداوەتەوە ، ئەمەش هونەرمەندانی تووشی قەیرانێکی دارایی ، بێهیوایی کردوە .

## ٢ . ٢ توێژینەوەکانی پێشوو :

توێژەر بەمەبەستی زانینی قەیرانی ڕامیاری و ئابووری ، هەروەها زانینی لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوودا ، کە بە زمانی کوردی و ئینگلیزی نوسراون ، دوای گەڕان توێژەر گەیشتە ئەو ڕایەی کە بەشێک لەو توێژینەوانەی گرنگیان بە قەیرانی ڕامیاری و ئابووری داوە وەک ئەمانەی خوارەوە:

### ٢ . ٢ . ١ ئەو توێژینەوانەی کە بە زمانی کوردی نوسراون :

١- توێژینەوەی( عبدالرحمن ) لە ساڵی ( ٢٠٠٦ ) ئەنجامدراوە بەناونیشانی: **دەرهاویشتەکانی قەیرانی ئابووری لە سەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی توێژینەوەیەکی مەیدانی کۆمەڵناسییەکان لە شاری هەولێر** .

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیبووە لە : دەستنیشانکردنی دەرهاویشتەکانی قەیرانی ئابووری لە سەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی . نموونەی توێژینەوەکە بریتیبووە لە ٣٨٤ فەرمانبەری حوکومی لە شاری هەولێر بوون ، توێژینەوەکە میتۆدی وەسفی شیکاری پەیڕەوکردوە ، ئەنجامی توێژینەوەکە بریتیبووە لە : دەرکەوتووە کە قەیرانی ئابووری کۆمەڵێک دەرهاویشتەی نەرێنی لە بواری کۆمەڵایەتییدا هەبووە وەک ( تاوان ، هەژاری، بێکاری، توندوتیژی ، جیابوونەوە ).

### ٢ . ٢ . ٢ ئەو توێژینەوانەی کە بە زمانی ئینگلیزی نوسراون :

٢- توێژینەوەی( جیرالدین دەیڤد ، یوێسین لی، کیم ئۆستەرلینک ، لوک ڕێنێبۆگ) لە ساڵی ( ٢٠٢٤ ) ئەنجامدراوە بەناونیشانی (**Art in times of crisis** ) هونەر لە کاتی قەیرانەکاندا.

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیبووە لە : زانینی شێوازی درێژخایەنی بە بازاڕی کردنی هونەری شـێوەکاری لە وڵاتی بەریتـانیا لە بەهۆی کۆمەڵێـک قەیرانی فراوانـدا، نموونەی توێژینەوەکە بریتیبووە لە دۆکۆمێنتی مێژوویی دیجیتـاڵی مەزادی کڕینی تـابلۆکـان لە نێوان ســاڵانی ( ١٩٠٦- ٢٠١٦ ) توێژینەوەکە میتۆدی وەسـفی شـیکاری پەیرەوکردوە ، ئەنجامی توێژینەوەکە بریتیبووە لە جەنگەکاندا نرخی کارەهونەریەکان زۆر دابەزیوە، لە کـاتی قەیرانی ئـابووری و دارایی بەتـایبەتی لە ســەرەتـای هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکان بەهۆی قەیرانی نەوت، هونەر پاشەکشەی گەورەی کردوە لە نرخی کڕینی تابلۆکاندا .

٣- توێژینەوەی( ژان میشێل توبێلیم) لە ساڵی ( ٢٠٢٤ ) ئەنجامدراوە بەناونیشانی ( **The arts and culture: a (financial burden or a way out of the crisis** هونەر و کولتوور: بارگرانییەکی دارایی یان ڕێگایەک بۆ دەربازبوون لە قەیران.

ئـامـانجی توێژینەوەکە بریتیبووە لە :چۆنێتی دەربـازبوون لە قەیرانی دارایی لە بواری کلتوردا ،نموونەی توێژینەوەکە بریتیبووە لە مۆزەخـانە و شـوێنە مێژوویەکـان لە ووڵاتی فەرەنسـا ،توێژینەوەکە میتۆدی وەسـفی شـیکاری پەیرەوکردوە ،ئەنجامی توێژینەوەکە بریتیبووە لە کاتی سەر هەڵدانی ئابووریدا کەمتر خەرجییە گشـتیەکـان کە بۆ کولتوور هونەر تەرخـان دەکرێن ، بەڵام پێویستە وەبەرهێنان لە بواری شوێنە مێژوویەکاندا بکرێت گرنگی بە کارەهونەریەکان بدرێت ، سیاسـەتی دژایەتی هونەر بنەمایەکی لۆژیکی نابێت کلتوور و هونەر دەپوکێتەوەو ، خەڵکی متمانەیان بەو بوارانە نابێت.

**٢ . ٢ . ٣ بەدواداچوون بۆ توێژینەوەکانی پێشوو :**

ئامانجی توێژینەوەی ئێستا بریتیبوو لە زانینی قەیرانی ڕامیاری و دارایی لە سەر هونەری شێوەکاری لە هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی هونەرمەندانەوە ، بەڵام ئامانجی توێژینەوەی (عبدالرحمن ) بریتییبوو لە دەستنیشانکردنی دەرهاویشتەکانی قەیرانی ئابووری لە سەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی ، لە بەرانبەردا توێژینەوەی توێژەران ( جیرالدین دەیڤد ئەوانی تر ) بریتیبوو لە زانینی شێوازی درێژخایەنی بە بازاڕی کردنی هونەری شێوەکاری لە وڵاتی بەریتانیا لە بەهۆی کۆمەڵێک قەیرانی فراواندا، ، هەروەها توێژینەوەی (ژان ) گرنگی بە دۆزینەوەی چۆنێتی دەربازبوون لە قەیرانی دارایی لە بواری کلتوردا داوە ، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی ئێستا بریتیبوو لە بەشێک لە هونەرمەندانی شێوەکار لە شاری سلێمانی لە هەرێمی کوردستانی عێراق ، بەڵام. توێژینەوەی (عبدالرحمن) بریتیبوو لە ٣٨٤ فەرمانبەری حوکومی لە شاری هەولێر دا . لە بەرانبەردا ( جیرالدین دەیڤد ئەوانی تر ) بریتییبوو لە دۆکۆمێنتی مێژوویی دیجیتاڵی مەزادی کڕینی تابلۆکان لە نێوان ساڵانی ( ١٩٠٦- ٢٠١٦ )دا ، هەروەها توێژینەوەی (ژان ) بریتیبووە لە مۆزەخانە و شوێنە مێژووییەکان لە ووڵاتی فەرەنسادا ، سەرجەم توێژینەوەکان میتۆدی وەسفیان پەیرەوکردوە، لە ئەنجامی توێژینەوەی ئێستادا هەوڵی زانینی قەیرانی ڕامیاری و دارایی لە سەر هونەری شێوەکاری لە هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی هونەرمەندانەوە داوە ،بەڵام لە توێژینەوەی (عبدالرحمن )

دەرکەوتووە ، کە قەیرانی ئابووری کۆمەڵێک دەرهاویشتەی نەرێنی لە بواری کۆمەڵایەتییدا هەیە ، هەروەها توێژینەوەی (ژان ) لە کاتی سەر هەڵدانی ئابووریدا کەمتر خەرجییە گشتیەکان کە بۆ کولتوور هونەر تەرخان دەکرێن ، لە کۆتاییدا توێژینەوەی( جیرالدین دەیڤد ئەوانی تر ) بەهۆی قەیرانی ئابووری و دارایی پاشەکشەی گەورەی کردوە لە نرخی کڕینی تابلۆکاندا کراوە .

**بەشی سێیەم ( ڕێکاریەکانی توێژینەوەکە) :**

**٣ . ١ میتۆدی توێژینەوەکە :**

توێژەر میتۆدی وەسفی بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە بەکارهێناوە .

**٣ . ٢ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە :**

بە هۆی فراوانی جۆراوجۆاوجۆری کاروپێشـەی هونەرمەندانی شـێوەکار لە شـاری سـلێمانیدا ، توێژەر شـێوازی چینایەتی هەرەمەکی بەکارهێناوە بۆ دیاریکردنی سـامپڵی توێژینەوەکە، بەڵام مەرجی کارایی کارکردنی هونەری و بەشدارکردنی بەهەند وەرگرتووە لە وەرگرتنی ڕاوبۆچونەهونەریەکانیاندا .

**٣ . ٣ سامپڵی توێژینەوەکە :**

بەهۆی فراوانی ســامپڵەی توێژینەوەکەی ، کە پێکهـاتبوو لە هونەرمەندانی شێوەکار لە ناوشاری سلێمانی ، توێژەر پێشنیازی کردوە ، کە نموونەی هەر چینێک لە هونەرمەندان بە شـێوەیەکی هەرەمەکی وەربـگرێـت ، بەمشــێـوەیەی کە لە خـوارەوە دەستنیشانکراوە .

خشتەی

سامپڵی توێژینەوەکە بەپێی جۆری پسپۆری و

| ژ | جۆری پسپۆری |
|---|---|
| ١ | خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر ( ئێواران ) دەرچووی پەیمانگەی هونەرجوانەکان / بەشی شێوەکاری |
| ٢ | مامۆستایانی شێوەکار لە زانکۆی سلێمانی ، پەیمانگەی هونەرەجونەکان لە شاری سلێمانی . |
| ٣ | فەرمـانبەرانی بەشـی شـێوەکـاری لە بەڕێوبەرێتی گشـتی ڕۆشنبیری و هونەر ، سەرپەرشتیارانی چالاکی قوتابخانەکان لە سلێمانی . |
| ٤ | هونەرمەندانی سەندیکا و کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی بەشی شێوەکاری/ شاری سلێمانی |
| کۆ | |

**٣ . ٣ ئامرازەکانی توێژینەوەکە :**

بۆ زانینی قەیرانی ڕامیاری و ئابووری و لێکەوتەکانی لە سەر


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**[://sjh.univsul.edu.iq/](https://sjh.univsul.edu.iq/), **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12320]
- **Submission Date:** [16/02/2026], **Revised Date:** [19/02/2026], **Accepted Date:** [16/04/2026], **Published Date:** [30/06/2026]

هونەری شێوەکاری لە هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی هونەرمەندانەوە، توێژەر ئەم هەنگاوانەی خوارەوەی پەیرەوکردوە:

**٣ . ٣ . ١ قۆناغەکانی ئامادەکردنی پێوەرێک بۆ زانینی قەیرانی ڕامیاری و ئابووری لێکەوتەکانی لە سەر هونەری شێوەکاری لە هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی هونەرمەندانەوە:**

بە هۆی نەبوونی پێوەرێکی ئامادەکراوی بۆ زانینی قەیرانی ڕامیاری و ئابووری لێکەوتەکانی لە سەر هونەری شێوەکاری لە هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی هونەرمەندانەوە ، توێژەر پێوەرێکی تایبەتی ئامادەکردوە ، بە پێی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە :

١- خوێندنەوە و بەدواداچوون لە سەرئەو سەرچاوە و توێژینەوانەی کە پەیوەندییان بە پێوەرێک بۆ زانینی قەیرانی ڕامیاری و ئابووری لێکەوتەکانی لە سەر هونەری شێوەکاری لە هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی هونەرمەندانەوە هەیە.

٢- ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەشێک لە پسپۆڕان لە بواری هونەر و پەروەردەدا ، بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی قەیرانی ڕامیاری و ئابووری لێکەوتەکانی لە سەر هونەری شێوەکاری بە شێوەیەکی گشتی و هەنگاوەکانی چارەسەرکردنی .

٣- بە سوود وەرگرتن لە چوارچێوەی تیۆری ئەم توێژینەوەیە ، توێژەر ئامانجەکانی بەشێوەیەکی سەرەتایی ئامادەکرد ، کە ژمارەیان بریتیبوو لە (٦٠) کە بەمەبەستی زانینی پێوەرێک بۆ زانینی قەیرانی ڕامیاری و ئابووری لێکەوتەکانی لە سەر هونەری شێوەکاری لە هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی هونەرمەندانەوە ئامادەکرا ، تا لە ڕێگەی ڕاپرسەوە دابەشی ژمارەیەک لە پسپۆڕانی بوارەکەی بکات.

**٣ . ٣ . ٢ ڕاستگۆیی (الصدق):**

چەمکی ڕاستگۆیی بەواتای ئەوەی ،کە ئەو پێوەرە دیاریکراوەکە مەبەستی پێوانەکردن بەکاردەهێنرێت ، ئەو بابەتە بپێویت کە بۆی بەکارهێنرایەوە. (عبدالهادي، ٢٠٠٢، ص١٢١)

بەمەستی بەدەستهێنانی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی پێوەرەکە ، ڕاو بۆچوونی ژمارەیەك لە پسپۆڕانی بواری هونەر و پێوانە و هەڵسەنگاندن و دەروونزانی لە شێوەی ڕاپرسەوە بەشێوەیەکی سەرەتایی دابەشکرد ، تاوەکو لە سەر چۆنێتی دارشتنی ئامانجەکانی برگەکانی پێوەرەکە لە ڕووی زمانەوانی زانستیەوە هەڵبسەنگێنن.

دوای گەڕانەوەی ڕاپرسییەکانی پێوەرەکەی لە کۆی ئامانجەکان (١٦) ئامانجیان دەستنیشان کردبوو ، پاشان پێوەرەکەی ئامادەکرد بۆ دیاریکردنی ئاستی پێوەرکە شێوازی سێ خانەی دارێژرابوون ، کە بریتیبوون لە (کاریگەریەکی زۆر بەهێزە ، کاریگەریەکی بەهێزە ، کاریگەریەکی لاوازە) ، بۆ شیکردنەوەی ئاستی لێکەوتەکان وەڵامدەرەوە بە بەهای (٣،٢، ١ ) دیاریکرا

جارێکی ترلە ڕێگەی ڕاپرسەوە بەمەبەستی وەرگرتنی ڕاو بۆچوونی پسپۆڕانەوە پێوەرەکەی دابەشکرد ، دوای گەڕانەوەی گۆڕانکاری لە برگەکانی(١، ٢، ٤، ٨ ، ٩، ١٠، ١٣) ڕاستکردنەوە لە شێوازی دارشتن و زمانەوانی دروستبوو ، دوای ئامادەکردنی پێوەرەکە بەمەبەستی جێبەجێکردنی بە سەر سامپڵە سەرەتایەکە ، کە بریتیبوون لە بەشێک لە هونەرمەندانی شێوەکار لە دەرەوەی شاری سلێمانی کە پێکیاتبوون لە هونەرمەندانی (پارێزگای هەڵەبجە ، قەزای کەلار ، چەمچەماڵ) لە هەرێمی کوردستانی عێراق ، کە ژمارایان (٣٠) هونەرمەندبوو.

**٣ . ٣ . ٢ جێگیری (الثبات ):**

چەمکی جێگیری بەو مانایەیە "کە تاقیکردنەوەکە دووبارە ئەو ئەنجامی هەبێت ئەگەر لەسەر سامپڵێکی جێگر جێبەجێبکرێت بەڵام ئەگەر لە هەمان بارودۆخدا دووبارە بکرێتەوە" . (العزاوی، ٢٠٠٨:٩٧)

جێگیری (الثبات ) دەتوانرێت بە دوو ڕێگا بەدەست بهێنرێت کە بریتین لە :

١. ڕێگای دووبارەکردنەوە بە سەر هەمان نموونەی توێژینەوە لە کاتی جیاوازدا.

٢- ڕێگەی دابەشکردنی بە نیوەی برگەکانی پێوەرەکە بە سەر تاک و جودا. ( Fransella ,1981 :47 )

توێژەر بۆ بەدەست هێنانی جێگیری هەردوو شێوازەکەی بەکارهێناوە ،لە شێوازی یەکەمدا (شێوازی دووبارە تاقیکردنەوە) بەکارهێنراوە بەسەر سامپڵێکی سەرەتای لە دەرەوەی سامپڵی توێژینەو کە ، پێکهاتبووە لە (بەشێک لە هونەرمەندانی شێوەکار لە شاری سلێمانی ،کە ژمارەیان (٣٠) هونەرمەندبوون ، بۆ یەکەمین جار لە بەرواری (٢٠٢٥/١٠/٢) ڕاوبۆچوونیان وەرگیرا ، پاشان لە (٢٠٢٥/١٠/١٦) جارێکی تر هەمان پێوەر بە سەر سامپڵە سەرەتایەکە جێبەجێکرا یەوە ، دوای مامەڵەکردن لەگەڵ داتاکان بە شێوەیەکی ئاماری بە بەکارهێنانی هاوکۆلکەی پەیوەندی پیرسۆن، دەرکەوت ، کە بەهای پەیوەندیەکە بریتیە لە (٠.٦٠)ە، ئەم ڕێژەیەش بەهایەکی گونجاوە بۆ جێگیری ، هەروەها بۆ دۆزینەوەی بەهای پەیوەندی هەر برگەیەک و بەکۆی گشتی پێوانەکە و ئاستی بەڵگەداری

ڕێگەی دابەشـکردنی بە نیوەی برگەکانی پێوەرەکە بە سـەر تاک و جودا جێبەجێکرا ، پـاشـــان لە ڕێگەی هـاوکێشــەی ( پەیوەســتبوونی پێرسـۆن Person ) ەوە دۆزرایەوە ، کە بەهاکەی لە نێوان (۰.۰۲۰- ۰.۰٤۰) بوو ، وەك لە خشتەی

(۳-۱) دا دەردەکەوێت .پاشـــان توێژەر پێوەرەکە بە شـێوەی کۆتایی جێگیرکرد ، وەک لە فۆرمی (۱) دا دەردەکەوێت

### ٤ .۳.۳ ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان :

بۆ دۆزینەوەی ئەنجامی بەهای پەیوەســتبوونی هەر برگەیەک و بەکۆی گشــتی پێوانەکە و ئاســتی بەڵگەداری لە ڕێگای ئێس پی ئێس ( SPSS ) بەکارهێنراوە بۆ شــیکردنەوەی دۆزینەوەی ئەنجامەکان بەم شێوەیەی خوارەوە

ا- هاوکێشەی کوپەر (Cooper) بۆ زانینی ئاستی ڕێککەوتنی پسپۆڕان لەسەر برگەکانی پێوەرەکە .

ب- هاوکۆڵکەی پەیوەندی پیرسۆن( Person ) بۆ دۆزینەوەی بەهای جێگیری و ئاستی بەڵگەداری گشتی پێوەرکە .

پ- ناوەندی شیاو (الوسط المرجح ) : بۆ پێوانەکردنی ڕادەی بەدەستهێنانی هەربرگەیەک لە برگەکانی پێوەرکە.

خشتەی (۳-۱)

دی هەر برگەیەک ئاستی بەڵگەداری گشتی پێوانەکە

| ژ | بەهای پەیوەندی | ئاستی بەڵگەداری ۰.۰۵ |
|---|---|---|
| ۹ | ۰.۰۲ | بەڵگەدارە |
| ۱۰ | ۰.۰٤ | بەڵگەدارە |
| ۱۱ | ۰.۰۰ | بەڵگەدارە |
| ۱۲ | ۰.۰۲ | بەڵگەدارە |
| ۱۳ | ۰.۰۱ | بەڵگەدارە |
| ۱٤ | ۰.۰۲ | بەڵگەدارە |
| ۱٥ | ۰.۰۰ | بەڵگەدارە |
| ۱٦ | ۰.۰۱ | بەڵگەدارە |
| | | |

ج- ڕێژەی سەدی (الوزن المئوي ) : بۆ سوودی لێ ببینین لە لێکدانەوەی ئەنجامەکاندا.

چ - پێوەرەکە بۆ زانینی قەیرانی ڕامیاری و ئابووری لە ســەر هونەری شــێوەکـاری لە هەرێمی کوردســتـان لە ڕوانگەی هونەرمەندانەوە

## بەشی چوارەم / ئەنجامی تویێژینەوەکە و تاوتویکردنی:

### ٤ .۱ ئەنجامی تویێژینەوەکە :

بەمەبەسـتی بەدەسـتهێنانی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتیبوو لە : زانینی قەیرانی ڕامیـاری و ئـابووری لە ســەر هونەری شێوەکاری لە هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی هونەرمەندانەوە ، توێژەر دابەشی دوو لایەنی قەیرانی ڕامیاری و ئابووری کردوە ، دوای بەکـارهێنـانی پێوەرەکە بەســەر ئەنـدامـانی ســـامپڵی توێژینەوەکە و شـــیکردنەوەی داتاکان بە شــێوەیەکی ئاماری ، وەک لە خشتەی (٤-۱)دا دەردەکەوێت ، گەیشتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە .

خشتەی (٤-۱)

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**[://sjh.univsul.edu.iq/](https://sjh.univsul.edu.iq/), **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12320]
- **Submission Date:** [16/02/2026], **Revised Date:** [19/02/2026], **Accepted Date:** [16/04/2026], **Published Date:** [30/06/2026]

وەک خشـتـەی (٤-٢) دا ئەنجامەکان ڕوونکراوەتەوە ، ســامپڵی توێژینەوەکە جگە لە بڕگەکـانی (٣،٢ ٤ ) کە پەیوەســـتن بە ئازادی ڕادەربڕینی هونەرمەندان نمرەکانیان ئاســـتێکی بەرزە ، لە بەرانبەردا ســـەرجەم بڕگەکانی تری توێژینەوەکە لە ئاستێکی نزمدان ، ئەمەش ئەو ڕاستیە دەردەخەن کە هونەرمەندان تووشی قەیرانێکی سەختی دارایی و ڕامیاری بوون .

## ٣.٤ ڕاسپاردەکان :

لەژێر ڕۆشـنایی ئەو ئەنجامەی توێژینەوەکە کە بەدەسـتیهیناوە ، توێژەر ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە دەکات:

٤ .٣.١ نـاوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە بکرێـت بە بنەمـایەک بۆ چـارەســـەرکردنی قەیرانی ئـابووری لێکەوتەکـانی لە ســـەر هونەری شـێوەکاری لە هەرێمی کوردسـتاندا ، کە ڕووبەڕووی هونەرمەندان و پڕۆژەکان دەبێتەوە.

٤ .٣ .٢ نـاوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە بکرێـت بە بنەمـایەک بۆ چـارەســـەرکردنی قەیرانی ڕامیـاری لێکەوتەکـانی لە ســـەر هونەری شـێوەکاری لە هەرێمی کوردسـتاندا ، کە ڕووبەڕووی هونەرمەندان دەبێتەوە.

## ٤ .٤ پێشنیارەکان :

بەهۆی ئەو دەرئەنجامەی کە ئەم توێژینەوەیە بەدەســـتیهێناوە توێژەر ئەم پێشنیارانەی خوارەوە دەکات تا سـەرجەم لایەنەکانی هونەر بە شێوەیەکی گشتی بگرێتەوە کە بریتیین لە :

٤ .٤ . ١ قەیرانی ڕامیاری و ئابووری لێکەوتەکانی لە سـەر هـونـەری شـــانـۆ لە هەرێـمـی کـوردســـتـان لە ڕوانـگەی هونەرمەندانەوە.

ئەنجامی بەهاکانی ( ناوەندی شیاو ، ئاست ) ی وەڵامەکانی سامپڵی توێژینەوەکە

| تەوەر | بڕگەکان | ناوەندی شیاو | ئاست |
|---|---|---|---|
| **ڕێگریکردن لە چالاکیە هونەریەکان** | ١- بەشـــێوەیەکی گشـــتی لە هەرێمی کوردســـتان ڕەچـاوی جیـاوازی هونەرمەنـدان لەلایەن دەسەڵاتەوەکراوە . | ١.٥٠ | نزمە |
| | ٢-حوکومەتی هەرێم ڕێگری لە چالاکیە هونەریەکانی هونەرمەندان کردوە. | ٢.٥٢ | بەرزە |
| | ٣- بەهۆی بیروباوەڕی ڕامیاریەوە تووشـی ئازاردان یان زیندانی لە هەرێمی کورستاندا بوویتەوە . | ٢.٦٧ | بەرزە |
| **سنوردانان بۆ شێوازی کارکردن** | ٤- توشی لەمپەری ئازادی ڕا دەربڕین بویتەوە لە کارەهونەریەکاندا. | ٢.٧١ | بەرزە |
| | ٥- ململانێ حزبیەکان ڕێگربوون لە بەشداریەکردنت لە چالاکیەهونەریەکاندا. | ١.٣٣ | نزمە |
| | ٦- هەلی بەشداریکردنی هونەری بۆ هونەرمەندانی گەنج کراوە. | ١.٦٢ | نزمە |
| **ڕۆڵی هونەرمەند لە سەر ئاستی بریاردان** | ٧- ڕاوێژی هونەری شێوەکاری پێدەکریت لە چالاکیە هونەریەکان لە شاری سلێمانیدا . | ١.٨٠ | نزمە |
| | ٨- ڕاوێژی کلتوری پێدەکرێت لە بۆنە نەتەوەیەوکانی شاری ڕۆشنبریدا . | ١.٣٨ | نزمە |
| **نائارامی دەروونی هونەرمەند** | ٩- کارکردنی هونەریت گرفتی کۆمەڵایەتی و خێزانی بۆ دورستکردویت. | ١.٨٦ | نزمە |
| | ١٠- لەم بارودۆخەداریەدا بەکاری هونەری توانای دابینکردنی بژێوی ژیانی ڕۆژانەت هەیە . | ١.٣٤ | نزمە |
| **دابین کردنی پێداویستیەکانی کارکردنی هونەری** | ١١- هەوڵی دابینکردنی پێداویستەکانت لەلایەن دامەزراوە حوکومی و ڕێکخراوەکان دراوە . | ١.٣١ | نزمە |
| **پێزانینی جوانکاری** | ١٢- لەم بارودۆخەداریەدا ڕێز لە ئەزموونی هونەریت لەڕووی داراییەوە دەگیرێت. | ١.٧٩ | نزمە |
| | ١٣- لە دامەزراوە حوکومیەکانی شـاری سـلێمانیدا گرنگی بە نمایشـیکردنی بەرهەمی هونەری هونەرمەندانی کورد دەدرێت . | ١.٤٤ | نزمە |
| | ١٤- لە شاری سلێمانی پێزانینی جوانکاری بۆ کارە هونەریەکانی هونەرمەندانی کورد هەیە. | ١.٣٦ | نزمە |
| **بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان** | ١٥- وەک پێویســـت گرنگی بەدەســـتگیرۆیی هونەرمەنـدانی ڕەگەزی مێ دراوە لە کـارە هونەریەکانیاندا . | ١.١ | نزمە |
| | ١٦- گرنگی بە پاداشتی دارایی هونەرمەندانی خاوەن ئەزموون دراوە. | ١.٢ | نزمە |
| **کۆ** | | ٢٦.٩٣ | نزمە |

٤ . ٤ . ٢ قەیرانی ڕامیاری و ئابووری لێکەوتەکانی لە سەر هونەری موزیک لە هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی هونەرمەندانەوە.

٤ . ٤ . ٣ قەیرانی ڕامیاری و ئابووری لێکەوتەکانی لە سەر هونەری سینەما لە هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی هونەرمەندانەوە.

**تێبینی :**

بە هۆی پابەندبوون بە ڕێنمای گۆڤارەکە و ژمارەی پەڕەکانی ، لە بەر ئەو هۆکارە توێژەر پاشکۆکانی لە توێژینەوەکەدا هاوپێچ نەکردوە .


**سەرچاوەکان :**

**سەرچاوەکان بە زمانی کوردی :**

کەرێژەی ڕێککەوتن لەسەرمانەوەیان یاخود لابردنیان (٩٠%)بوو، بەم شێوەیە سەرجەم برگەکانی پێوانەکە کە ژمارەی (٣٦) برگە وەک خۆی پەسەند کرا.

1- عبدالرحمن ، کارزان حسن ( ٢٠٠٦ ): **دەرهاویشتەکانی قەیرانی ئابووری لە سەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی توێژینەوەیەکی مەیدانی کۆمەڵناسییەکان لە شاری هەولێر،** زانکۆی سەلاحەددین ، کۆلێژی ئاداب .

2- سعید، محمد ڕۆوف (٢٠١٩ ): **توانا ئابوورییەکان و دۆخی ئابووری لە پارێزگای سلێمانی** ، مەڵبەندی کوردۆلۆجی- زانکۆی سلێمانی .

3- ( ڕاپۆرتی ناوەندی قەیرانەکانی وەزارەتی ناوخۆی هەرێم ، ٢٠١٦،١٧ )

**سەردان و چاوپێکەوتن :**

4- ئاماری لقی شێوەکاری لە بەڕێوبەرێتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەر / سلێمانی) کە لە ڕێکەوتی ( ٢٠٢٥ /٤ /٣ ) ئەم چالاکیانە وەرگیراوە .

5- چاوپێکەوتنی هونەرمەند ( عەلی جۆڵا ) کە لە ڕێکەوتی (٢٠٢٥ / ٤ / ٥ ) لە کۆمەڵی هونەرجوانەکان لە سلێمانی ئەنجامدراوە .

6- چاوپێکەوتنی هونەرمەند ( عەلی کریم ) کە لە ڕێکەوتی (٢٠٢٥ / ٤ / ٦ ) لە ماڵی هونەرمەند لە سلێمانی ئەنجامدراوە

7- چاوپێکەوتنی هونەرمەند ( وەهبی ڕەسوڵ ) کە لە ڕێکەوتی (٢٠٢٥ / ٤ / ٧ ) لە ماڵی هونەرمەند لە سلێمانی ئەنجامدراوە .

8- **سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی :**

9- ابن منظور ،لسان العرب (١٩٧٣): **لسان العرب** ، دار صدر ، بیروت ،المجلد (١٢) .

10- ابو رجب (٢٠١٢ ): **تاثير الراي العام و انعكاس ذلك على السياسة الامنية** ، مؤسسة الاهرام ، القاهرة .

11- ابو الريشه ،عطاء بن خليل ( ١٩٩٠ ) : **الازمات الاقتصادية واقعها ومعالجاتها من وجهة نظر الاسلام** ، عمان ،الاردن.

12- الجابري ، محمد عابد (١٩٩٣ ):**اشكالية الديمقراطية والمجتمع المدني** ، مجلة المستقبل العربي العدد ١٦٥

13- الحمودي ، ولاء رحيم حمزة( ٢٠٠٨ ) : **الهيمنة وأشتغالتها في الحياة والفن** ، مجلة فنون البصرة العدد ٢٣

14- السعيري ، بهاء ، جبار جمال الدين (١٩٩٢) : **الازمة الامنية مفهومها ومسبباتها**، مجلة الوفد العدد (١٦) .

15- الرازي ، محمد بن بكر :**مختار الصحاح** ، المكتبة العصرية ، بيروت .

16- العزاوي ، رحيم يونس كرو ( ٢٠٠٨ ) : **المنهل في العلوم التربوية ، القياس و التقويم في العملية التدريسية** الطبعة الاولى ، دار دجلة ، عمان ، الاردن.

17- الغانم، عبير ناصر يوسف (٢٠١٩ ) : **أثر الفن السياسي على الفنون البصرية والتشكيلية المعاصرة في الخليج** ، Arab Journal for Scientific Publishing (AJSP)، العدد الثالث عشر .

18- رياض ،عزيز هادي (**١٩٨٩ ): المشكلات السياسية في العالم الثالث** ، مطابع التعليم العالي،العراق ، ط٢.

19- صالح، مفتاح ( ٢٠١٠ ): **الازمة المالية العالمية**، ابحاث الاقتصاديةو ادارية ، العدد ٨ .

20- عبدالهادي ، نبيل (١٩٩٩) : **القياس و التقويم التربوي وأستخدامه في مجال التدريس الصفي** ، ط٢ ، دار صفاء للنشر ، الأردن.

21- كورتيل ، فريد ( ٢٠١٠ ): **الازمة المالية العالمية واثرها على الاقتصاديات العربية** ، مجلة ابحاث رويكادا، الدولية العلمية، الجزائر .

**سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی :**

22- Abbing, H (2005**) Why are artist poor,** Amsterdam University Press.

23- Authors David, Géraldine; Li, Yuexin; Oosterlinck, Kim; Renneboog, Luc Bibliotheca Wittockiana 2Renmin University of China 3Université Libre de Bruxelles (ULB) 4Tilburg University. Published in Economic History Review.

24- Ayn Rand,1964: **The virtue of selisness, A new concept of Egoism**, pubished by the



- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**://sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12320]
- **Submission Date:** [16/02/2026], **Revised Date:** [19/02/2026], **Accepted Date:** [16/04/2026], **Published Date:** [30/06/2026]

37- Kolbe, K. (2022) :**Unequal entanglements: how arts practitioners reflect on the impact of intensifying economic inequality**. Cultural Trends, 31(3), 257–272. https://doi.org/10.1080/09548963.2021.1976594.
38- Levinson, J. Beauty (2011): **The Irreducible Variety of Visual Beauty**. In The Aesthetic Mind; Goldie, P., Schellekens, E., Eds.; OUP: Oxford, UK.
39- Matilde Carrasco-Barranco (2025) : **Artistic Aesthetic Value in Participatory Art**, Department of Philosophy I, Faculty of Psychology, University of Granada, 18071 Granada, Spain; matildecb@ugr.es .
40- Sara Wyatt and Ole Reitovn (2019): **Artistic creation, artistic freedom and the role of artists must be considered alongside human rights and freedoms in societ**, UNESCO Chair “Cultural Policy for the Arts in Development” Universitätsplatz 1, 31141 Hildesheim (Germany).
41- Smaragda Skordi (2023): **The Eternal Coexistence of Art and Politics**, Hellenic Open University-Ippokrateio General Hospital of Thessaloniki, Greece.
42- ZHANG Zhe (2023): **Research on the Current Situation of Art and Creativity ProtectionCultural and Religious Studies**, Vol. 11, No. 12, 616-621 doi: 10.17265/2328-2177/2023.12.005.

سەرچاوەی ئەنتەرنێت :

43- Cambridge Dictionary https://dictionary.cambridge.org
44- United for Human Rights https://www.humanrights.com › lesson › articles-26-30

## Political and economic crises and their repercussions on the visual arts in the Kurdistan Region from the artists' perspective

Dr. Dara Aurahman Ahmed

penguin Group penguin Books USA lne, 375 Hudson street New York.
25- Benjamin, Elliot (2018): **Art and Mental Disturbance**, Journal of Conscious Evolution, 3(3). https://digitalcommons.ciis.edu/cejournal/vol3/iss3/7.
26- Benjamin, E. (2006): **The artistic theory of psychology**. Inner Tapestry Journal.
27- BRUNO S. FREY (1999): **State Support and Creativity in the Arts**: Some New Considerations, Institutefor Empirical Economic Research, University ofZurich, Bliimlisalpstrasse 10, CH-8006 Zurich, Switzerland.
28- Doustaly C. (2007): **English Arts Policies since 1990**: Laissez-faire, Interventionism or a Hybrid Model? LISA e-Journal, 5(1), 6-32. https://doi.org/10.4000/lisa.1505.
29- Fransella, F (1981**): Persorality theory measurement and research**, London, Methuen
30- Frey, B (2003**): Art and economics and cultural policy**, springer – verlag.
31- Heilbrun, J, and Gray, C. (1993): **The Economics of Art and Culture an American prespective**, Cambridge University Press, Cambridge.
32- Janie, Anderson (2024): **Edgar Wird: Art and Embodiment**, Bernardino and Fabia Tononi.
33- Joseph MacKay(2022): **Art World Fields and Global Hegemonies International Studies Quarterly,** Volume 66, sqac029, https://doi.org/10.1093/isq/sqac029.
34- Jean -Michel Tobelem (2013): **The arts and culture**: a financial burden or a way out of the crisis, Journal of cultural management and policy.
35- Jiri Benovsky (2022): **The limits of Art on Borderline cases of Art works and their Aesthetic**, springer Briefe in philosophy, University of Fribourg, Fribourg, Swizerla.
36- Raul de Arriba (2022): **PERFORMING ARTS CREATION UNDER INEQUALITY**: HOW GOVERNMENT SUBSIDIES IN SPAIN PERPETUATE THE STATUS QUO.

Department of Art Education, College of Basic Education, University of Sulaimani, Kurdistan Region of Iraq.
**Email**: dara.aurahman@univsul.edu.iq

## Abstract:

**The aim of this research is to:**
To understand the political and economic crisis and its impact on painting in the Kurdistan Region from the artists' perspective.
The descriptive approach was used to complete the research, according to the research topic and its objective, and the research sample consisted of artists in the city of Sulaymaniyah, in the Kurdistan Region of Iraq. The researcher then investigated the political and economic crises and their repercussions on the visual arts in the Kurdistan Region according to scientific steps., then the researcher identified the obstacles and found a solid solution for them due to the scientific steps. The researcher prepared the scale according to the approved scientific steps, and it consisted of (6) main paragraphs and (16) secondary paragraphs. After extracting its apparent validity and stability by re-applying the scores at two different times, using the (Pearson) correlation equation, which has a value between (0.25-0.50). After applying it to the research sample, through statistical procedures, the research results were obtained and the weighted average for all paragraphs was (1.68) the level is low. In the light of this result, there are This level indicates that artists are suffering from a severe financial and political crisis. The study is ended with some proposals and recommendations.

**Keywords**: Political, economic, crises, repercussions, visual arts Kurdistan Region, artists' perspective.

# الأزمات السياسية والاقتصادية وتداعياتها على الفنون التشكيلية في إقليم كردستان من وجهةنظر الفنانين

د. دارا أورحمان أحمد : قسم التربية الفنية ، كلية التربية الأساسية ، جامعة السليمانية ، إقليم كردستان العراق . البريد الإلكتروني: dara.aurahman@univsul.edu.iq

## الملخص

**هدف البحث الى :**
التعرف على الأزمات السياسية و الاقتصادية و تداعياتها على الفنون التشكيلية في إقليم كردستان العراق، من وجهةنظر الفنانين .

وتألفت عينة البحث من ( ١٢٠ ) فنانا من فناني مدينة السليمانية في الاقليم ، وقد قام الباحث بأعداد مقياس بموجب الخطوات العلمية المعتمدة في هذا المجال، و تألف من (٦) فقرات رئيسة و (١٦ ) فقرة ثانوية، كما تم استخراج صدقه ظاهريا، و ثباته بطريقة اعادة التطبق في وقتين مختلفين باستخدام معادلة (بيرسون ) للارتباط، والذي تراوح قيم فقراته ما بين (٠.٢٥ -٠.٥٠)، وبعد تطبيق المقياس على عينة البحث الأساسية، وتفريغ البيانات ومعالجتها احصائيا باستعمال معادلة الوسط المرجح، اظهرت النتائج ان معدل قيم الوسط المرجح لجميع فقرات المقياس هو ( ١.٦٨ ) وهي قيمة ضعيفة وفي مستوى متدن، مما يشير إلى أن الفنانين يعانون من أزمات سياسية واقتصاديةحادة، والتي لها تداعيات سلبية متعددة على واقع الفن التشكيلي في اقليم كردستان العراق، وقد انتهى البحث بعدد من التوصيات و المقترحات في ضوء نتائج البحث .

**الكلمات المفتاحية :** أزمة، سياسة، اقتصاد، تداعيات، فن، إقليم كردستان، وجهةنظر ، فنانون

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**://sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12320]
- **Submission Date:** [16/02/2026], **Revised Date:** [19/02/2026], **Accepted Date:** [16/04/2026], **Published Date:** [30/06/2026]